


شیعری:ئیسماعیل خورمالیٚ

# ڕێواس

***ستیانێکی شەکەری و ئەتەکێکی شین***
***لەشێ ماسی و خەرمانێ گڕ***
***هەمسەیە ك و مەوجەیەك ناز***
***ئیدی بڵێ***
***کێ گیانی نابێ بە ڕێواس***

***گەمە***
***لەسەر لمی ئەو ڕۆخەدا درێژ مەبە***
***ڕەش دەبییەوە , هەستە هەورێ بە خۆتا دە***
***کچێ مەرگە خۆ کشاننە وە بە تەنێ***
***یان دانیشە***
***یان هەستە بالاٚ گەردانی شە پۆلێك بە و***
***لەتەك ئەوا***

گرێ گەمەکەت خامۆشکە

شووشە

فوستانێک ڕەش
بارانی کەزییەکی لول بە سەرییەوە
گەردن  ئاوێنەیەکی درێژ
لە خوار گەردن خەرمانێ گۆشت وەکو بەفر
خووار تر گولە هەناریکی تاریک
لە سەر شووشەیەک کەوتو وە

نوقڵ
دەس مەدە ڕۆب
هێشتا شانت کەفی بانیۆی پێوە ماوە
کچێ پرچت بە وتەرزە ووشک مەکەرەوە
تۆ نازانی خانە خەراب وەختی وا من
پرژەم لێ دەبێ بە نوقڵ و
تەراییم لێ دەبێ بە سووتان

تەم
تەنوورەیەکی کورتی زەرد
خوماری سەر دوو بەرزایی
کە بە موو دەچووە پێش یا دووا
ئیدی ئیدی
دڵ دەبووبە درختێکی
نیوە سووتی پڕ دووکەڵ و
ڕێی بارانی بە قوڕ دەگرت

شەتڵ
غایەی تەنها خۆر کوشتن بوو
دەنا دەنابەو  نیوەڕۆ
لە سەر پشتی پییانۆیەک پاڵ نەدەکەوت
یان ئاوریشمێکی گییای لەزەت کێشی

***نەدەپێچایە کەمەری و***
***دەستی دەستی***
***لە خۆیا شەتڵ نەدەکرد***

***سەما***
***لە ئاهەنگەکەی دوێ شەوا***
***وەختێ تۆ بە فوستانێکی کاکاو ی درێژەوە***
***سەما سەما***
***شلکەی گیبیانتی***
***دەدایە دەس هەلپەڕین و چەمێ ئاگر***
***من لە دتوێ ی کراسێکی مارۆنیدا***
***شیعر دەیووت وە ژوورکەوە***
***گوڵ لەوە گوڵ تر کامەیە***

***سێبەر***
***ناو ئاو دامانێ***
***لە سێبەرپر ئاونگی سەحەر دەچوو***
***ئەوساکە خۆر***
***خۆر بە دییار شەونمێکەوە درێژ دەبوو***
***هەنووکەمن هەنووکە من***
***بەدییارمەوجی لەشێکەوە***
***گولێ فرمێسکی تازەم و***
***لێ مەخابن بەگلێنەی جنوونەوە***

***قتیس ماوم*** ***1998/ئەسینا***